کوردستان نێت
KURDISTAN NET
رۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی رۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
12-7-2007 23:03:12بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## قوربانیەکانی شەڕی ناوخۆ و بێ دەنگی پ. د. ک و ی. ن. ک ... وریا خۆشناو

پێم وابێ کەس نییە لە ئێمە شەڕی ناوخۆی هەردوو حزبی باڵادەستی کوردستانی عێراق، پ. د. ک ە ی. ن. ک وا بەئاسانی لەیاد چوبێت، ، من لێرەدا مەبەستم ئەوەنیە کە بیرتان بخەمەوە، بەڵکو وەبیرخستنەوەی بەشە قوربانیە زیندوو و بێ چارەنووسەکەی ئەکەم، ، ئەویش ئەو 1400 کوردە یە کەوا ئێستا لە ژیانێکی زۆر ناخۆشی دەروونی دەژین لە وولاتی سویدا، ، .. بۆ ئەمان هەر رۆژێکیان وەکو دۆزەخێکە، و نازانن چارەنووسیان چی، .. بەسەر دادێت.
ساڵێک پێش ئێستا 1400 مرۆڤ دڵخۆشکراو هیوایەکی نوێیان بۆخۆیان دروست کردەوەو هەریەکەو بەخەونێک و ڕەنگێک نەخشەی ژیانی خۆی لە خەیاڵیدا دارشتبوو وکەوا ئێستا ئێمە ئەگەری گەیشتنمان بەئاواتەکانمان نزیکەو ژیانێکی بەختیارتر و ئازادتر بەسەربەرین، ، ، بەڵام خەونەکان تەنیا ساڵێک و چەند ڕۆژێک بوون و جارێکیتر گەرانەوە بۆ چاوەروانیوو ڤشاری دەروونی و نەمانی تواناو هێزی بیرکردنەوە لە خۆیان و ئەمجارە چی بکەن و نەکەن.
1400 مرۆڤی مامۆستاو خاوەن بروانامە و هۆشمەندی گەنج و لاو بێ چارەنووس لەوولاتی سوید ژیان بردنەسەرێکی بێ دوارۆژ، هەر یەکەیان 7-8 ساڵ ژیان بردنەسەری دەربەدەریوو ئەم وڵات و ئەم وولات کردن، ، پاشان گڵبوونەوەیان لە وولاتێکی وەکو سوید کە پاش هاتنی سەرمایەدارەکان بۆ سەر حوکومو گۆرینی بەدەیان یاساو رێسا، ، ، ئێستاش یاریکردن بە چارەنووسی 1400 مرۆڤی قوربانیەکان نەهامەتیەکانی شەڕی ناوخۆ، ، .لە ناوەراستی مانگی 6دا بوو کاتێک فەرمانگەی پەنابەران لە ڕێگای نامەوە ئاگاداری ئەو 1400 کوردە دەکرین و کات بۆیان دیاری ئەکرێت پاشان دەڵێن، ، ئێمە زۆر دڵگرانین کە ئیوە بۆتان نیە لە سوید بمێنەوە، ، ، ..
ئایا حوکومەتی هەرێمی کوردستان لێرەدا چ دەورێکی دەبێ، یاخود تەنیا بە چەند دێرێک بەسە کە دەڵێن ئێمە لەگەڵ ئەم بڕیارەدانین، ، ، . بێشک نەخێر، ، بۆ یە دەبێ غەمێکی زۆر جدی لەم مەسەلەی 1400 کوردە بخورێت و کاری بۆبکرێت

-سوید